# فەقێکانی خوێنڕشتن

نووسینی: شاکر ئەلنابولسی

وەرگێرانی: یاسین عومەر

-1-
عیسام تەلیمەی بەڕێوەبەری نوسینگەی شێخ یوسف قەرەزاوی وتویە کە شێخ قەرەزاوی بانگەشەی بۆ شەڕکردن لە دژی هەموو ئەمریکییەکانی ناو عیراق هەڵداوە, تەنانەت لەدژی ئەمەریکیە مەدەنییەکانیش.

تەلیمە قسەکەی قەرەزاوی دەگێڕێتەوە و دەڵێت هەموو ئەمریکییەکانی ناو عیراق چ مەدەنی و چ سەربازی داگیرکەرن و پێویستە لەدژیان بجەنگین. هەروەها درێژەی دەداتێ و دەڵێ: قەرەزاوی جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە بەبێ جیاوازی لەدژی ئەمریکییە مەدەنی و سەربازیەکان بجەنگین بیانکوژین. قەرەزاوی, ئێوارەی دوێنی ئەم قسەیەی لە کۆبونەوەیەکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی میسری لە قاهیرەدا وتووە. هەڵبەتە ئەمە یەکەم فتوا و دوایین فتوا نییە کە مەرجەعی باڵای فیقهیی کۆمەڵی ئیخوان موسلیمین دەریدەکات. پێشتریش چەندین فتوای جۆراوجۆری سەبارەت بەمەسەلی عیراق دەرکردووە, لەوانە فتوا بەناوبانگەکەی بۆ شەڕکردن لەپاڵ سەدام حسێن, بەر لە داگیرکردنی عیراق لە 2003دا.

-2-
چەندین پرسیاری زۆر و زەوەند و گەمژانە هەن, کە دەکرێت سەبارەت بەم فتوا نوێ کۆنە لە شێخ قەرەزاویی بکەین, لەوانە:

1-بۆچی قەرەزاوی بەتەنها لەدژی ئەمریکییەکان بەمەدەنی و سەربازییەوە فتوای شەڕ و کوشتاری دەرکرد, خۆ وتەنی لەبەرئەوەی داگیرکەرن, ئەی باشە ئەم فتوایە بۆچی سەرباز و مەدەنییە بەریتانییەکان و باقی هێزە هاوپەیمانەکانی تری نەگرتەوە؟ تۆ بڵێی لەبەرئەوە بێت کەئەمریکا باعیسی ئەو زەرەرە 3 ملیۆن دۆلاریە بێت کە لە حیسابی قەرەزاوی لە بانکی (تەقوا) لێیەکەوت, ئەو بانکەی تەمویلی سەرەکیی ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) بوو کە داخراو دەست بەسەر مومتەلەکاتەکانیدا گیرا, ئەو بانکەی کە هی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین بوو, و بەهۆی هەوڵ و تەقەلا و ڕاوەدونانی ئەمریکا بۆ ئەم بانکە کە گۆمانلێکراو بوو بەپشتیوانیکردنی کردەوە تیرۆریستیە هەمەجۆرەکان لەڕووی داراییەوە.
یان لەبەرئەوە بێت کە ئەمریکا نەیهێشت قەرەزاوی بچێتە خاکەکەیەوە, و ئەو ڤیزەیەی ڕەتکردەوە کەپێشتر پێیدابوو؟

ئایا قەرەزاوی فتواکەی لەبەرئەوە سەرباز و مەدەنییە بەریتانییەکان ناگرێتەوە, چونکە بەریتانیا لە ئێستادا تاکە دەروازەیە بۆ قەرەزاوی بەسەر خۆرئاوادا, بۆ سەردانی خۆرئاوا و

قسەکردن لەگەڵ خۆرئاوا, لەپاش ئەوەی هەموو ئەو پردی پەیوەندیانەی لەگەڵ فەرەنسا هەیبوو, بەهۆی هەڵویستی سەلبیی فەرەنسا لە حیجاب کە شیراك یاساغی کرد, هەمووی پساند؟.

2-هەڵوێستی قەرەزاوی چی دەبێت گەر سەرجەمی ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکی بین بەکەسایەتی ئاینیی خاوەن بەرژەوەندی و حەزو ئارەزوو و حیساباتی تایبەتی وەکو قەرەزاوی, ئەو کاتەش کۆنگریسی ئەمریکی لەبەرامبەر فتواکەی قەرەزاوی بۆ کوشتنی هەموو ئەمریکییەکانی عیراق بەمەدەنی و لەسەربازیەوە, بە ژن و پیاو و منداڵ و پزیشك و ئەندازیار و پسپۆرانی سەرجەمی بوارەکان بە فەتوایەکی وەکو ئەوەی قەرەزاوی شێتانە و شەقاوانە و هەست نەکردن بە بەرپرسیاری وەڵامی فتواکەی قەرەزاوییان دایەوە و فتوایەکی سیاسیانەی بۆ کوشتنی هەموو عەرەب و موسوڵمانەکانی ئەمریکا دەرکرد, چونکە تیرۆریستن, بوونەتە هۆی کارەساتەکەی 2001/9/11, کە سێ هەزار ئەمریکی مەدەنی بێتاوان لەباشترین ئەقڵی ئابوری ئەمریکی کوژران و بەشێکی میکانیزم و ژێرخانی ئابوری ئەمریکاشی تێکوپێکدا؟

ئەی هەڵوێستی قەرەزاوی چی دەبوو ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەمریکی بەتۆمەتی هاندان بۆ کوشتنی خەڵکانی بێتاوانی ئەمریکی لە عیراق و ڕشتنی خوێنی ئەمریکییە مەدەنییەکان, بەدوای شەخسی قەرەزاوی بکەوتنایە و بیانگرتایە؟, چونکە بمانەوێت یان نا فتواکەی ئەو (قەرەزاوی) لە دوای قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە کاریگەی پلە سێی هەیە.
ئایا ئەوجا و پاش ئەمە زوخاوی ناخی قەرەزاوی و قەرەزاویەکان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا _ کە زۆربەیان لەم سەردەمە بەد و بێتام و تۆزلێنیشتوون_ سەرریژنەدەبوو و دەستیان نەدەکرد بە قاوەقاوێکی وا کە ئەمریکای بە درندە و خاچپەرست و دژایەتیکردنی ئیسلام و موسوڵمانان و فەقێکانی خوێنرشتن, تاوانبار دەکرد؟
3-باشە بۆچی قەرەزاوی بەتەنها ئەمریکییەکانی ناو عیراقی تایبەت کردووە بەم فتوایە و کاری بەسەر سەربازەکانی تری ناو زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانی ترەوە نییە کە لەبنکە سەربازییەکان و کۆمپانیا مەدەنییەکاندا سەرقاڵی کاری خۆیانن؟
ئایا ئەم فتوایە بەپلەی یەکەم دژی حکومەتی شەرعیی ئێستای عیراقە, و نامەیەکە بۆ حکومەتی شەرعیی عیراق و ئەنجومەنی نیشتیمانیی نوێ, بۆ هەموو رووخسارەکانی سەقامگیریی و دیموکراتیەتی عیراق و بۆ هەموو ئەو کاولکاریانەی کە قەرەزاوی لە ڕێی پۆستی ئەمریکییەوە دەینێرێت بۆ حکومەتی عیراق, لەبەرئەوەی کە ئەوە ئەو (واتە حکومەتی عیراق) بوو ڕازی بوو بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا, هەروەها ڕازی بوو بەبوونی مەدەنییە ئەمریکییەکان لە پسپۆران و ڕاهێنەران و مامۆستایان و کارگێرانی سەرجەمی بوارە جیاوازەکان لە عیراقدا.

4-ئەو ئایەتە یان ئەو حەدیسە قودسیە کامەیە کە قەرەزاوی لەم فتوایەیدا پشتی پێبەستووە.
ئایا ئایەتێك لە قورئاندا هەیە بە ڕاشکاوی بڵێت: (یا ڕیها الزین آمنوا إزا قام الڕمریکیون بالاگاحە بنقام ێدام فحاربوهم هم وجنودهم وڕگفالهم ونسائهم ولا تستپنوا منهم ڕحداً إن الله کان عزیزاً قدیراً)؟

ئایا حەدیسێکی قودسی هەیە بڵێت: (یا عبادی علیکم بالإمریکیین جنوداً ومدنیین، فهم القتلی وانتم الشهداء)؟

یان ئایا فەرمودەیەکی پشتراستکراوی پێغەمبەر هەیە بڵێت: (من ڕگاح بنقام ێدام من الفرنجه فقاتلوهم حتی یقتلوا ڕو تموتوا شهداء)؟

-3-
کێ ئەو هەلەی بۆ قەرەزاوی و باقی فەقی خوێنرێژەکانی تری غەیری قەرەزاوی رەخساندووە تا بێن و لەسەر ئەم مینبەرە سیاسیانە بوەستن و فتواگەلێك دەربکەن و بیرشێنن بە دەمی تینوانی خوێن و بێ ئیش و بێکار و شەلاتی و نەفام و خاوەنانی بلیتی چوونە بەهەشت, ئەوانەی کەوازیان لەخوێندن و گاسنی کێڵگەکان و ئامێری کارگەکان و نوسینگەکانی کارکردن هێناوە و, چەندین بلیتی ساختەیان بۆ چوونە بەهەشت کریوە, بلیتگەلێك لەسەر شێوەی بەڵگەنامە ساختەکانی لێخوشبوون, کە لەسەدەکانی ناوەراستدا کڵێسا بە نمونەی ئەم گەمژە و گەوج و نەفام و ئومێدبراوانە لە ژیانی دەفرۆشت؟

بێگومان بۆشایی سیاسیی عەرەبی و بێهێزی و لاوازی سیاسەتمەدارانی عەرەب, و بێهێزی و لاوازی سیاسەتی عەرەبی و شکستی پارتە سیاسیەکان و بۆشایی گوتاری سیاسی عەرەبی, و داڕوخانی دامەزراوە سیاسییە عەرەبیەکان داڕمانیان, هەروەها بەشدارینەکردنی شەقامێکی عەرەبیی هۆشیار و, نەبوونی ڕایەکی گشتی کاریگەر کە بتوانێت گۆڕانکاری پێك بهێنێت (سەیرکە بزانە لە لوبنان بەهۆی شەری سەختی یەك چارەنوسی چ قۆشمەبازارییەك لەئارادایە و ڕوودەدات), هەروەها ڕێزنەگرتن لە ئەقڵی عەرەبی (ئەگەر شتێك هەبێت ناوی ئەقڵی عەرەبی بێت) و پشتپێنەبستنی, هەروەها جیهانی عەرەبی هەوەس و ئارەزوو فەرمانڕەوایەتی دەکات نەك ئەقڵ, ئەمەیە وای کردووە عەمامەبەسەرەکان چ لە خۆرهەڵات و چ لە خۆرئاوای جیهانی عەرەبیدا, لەسەر مینبەرە سیاسییەکان بوەستن و ڕێبەرایەتی کاری سیاسیی عەرەبی بکەن, ئەو کارە سیاسییەی یەکپارچە بۆتە بانگەشە بۆ خوێنرشتن و خوێنرشتنی زیاتر و زیاتر, کە قەرەزاوی و سەرجەمی تاقمە ئیرهابیە ئایینیە ئوسوڵییەکانی تر بە ناوی ئایینی نوێوە دایانهێناوە.
ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە ئێمە بووینەتە میلەتێکی مایەپوچ, مایەپوچییەکەیشمان پشت بە پشت لە باب و باپیرانمانەوە بە میرات بۆمان دەمێنێتەوە, هەر هێندەش نا بەڵکو لەدوای خۆمان بە شێوەی پارت و کوتلەی سیاسی و گەل و چەندین فەرمانرەوا بۆ منداڵەکانمانیشی بەجێدەهێڵین. بێگومان دەبێت بانکێکی سیاسیمان هەبێت, و دەستی یارمەتیمان بۆ درێژبکات, تا لەم مایەپوچبوونەمان رزگار بکات. ئەمە لە عیراقدا ڕوویدا. ئەگەر بانکی نێودەوڵەتی سیاسی نەبوایە, دەبوایە بمانوتایە عیراقێك هەبوو و, ئەو مەسەلەیەی کە حاڵی حازر حیساب و کیتابی بۆ دەکەن ئێستا کۆتایی هاتبوو.

-4-
چار چییە؟

ڕژێمە عەرەبییەکان ناتوانن پیاوانی ئاینی جڵەو بکەن و بەریان پێبگرن و نەهێڵن فتوای سیاسی/ ئاینی بدەن, لەبەرئەوەی بەشێك لەم فتوایانە بە قازانجی ئەم ڕژێمانە و بەهێزکردنی دەسەڵات و بەردەوامی دەسەڵاتداریی و پێشکەشکردنی چەتر و پاساوێکی ئاینیی بۆیان, دەردەکرێن.

پارتە سیاسییە نائاینییەکانیش, بەهۆی زاڵبوونی خێڵ و تیرەگەرایی بەسەریاندا, ناتوانن بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییە سیاسییەکە لە نێو خۆیاندا هاوپەیمانێتی ببەستن و بەرووی پیاوانی دامودەزگای ئاییندا بوەستنەوە و نەهێڵن پیاوە ئاینییەکان فتوای سیاسی/ئاینی دەربکەن.
شەقامی عەرەبی شەقامێکی بزر و برسی و تێنەگەیشتوو و برست لێبراوە و هیوای بەهێزە سیاسییە عەرەبییەکان نەماوە, ئەم شەقامە لەپێکەوتووە پیاوانی دامەزراوە ئاینییەکان و فتواکانیانی پێ تاکە ئومێدێکە کەلەڕێیانەوە داخی ڕق و ستەم و برسێتی و پشتگوێ خستن و تاڵانکردنی لەلایەن ڕژێمەکانی فەرمانڕەوایەتییەوە, لەدڵی خۆی بەتاڵدەکاتەوە.
دەستەبژێرە فیکری و سیاسیەکانی عەرەبیش, ئەوانەیان کە لەجیهانی عەرەبیدا دەژین ناتوانن بەرووی پیاوانی دامەزراوە ئاینییەکان و فتواکانیاندا بوەستنەوە, چونکە ئەو پیاوە ئاینییانە دەسەڵاتیان بەسەر هەندێ دەستەو تاقمی خوێنڕێژی چەکداردا دەشکێ کەدەتوانن هەموو ئەو بیرمەند و سیاسەتمەدارانە گۆشاوگۆش سەری ببرن کە دژایەتیان دەکەن. ڕەنگە کوژرانی بیرمەندانی لوبنانی: حسێن مروە و مەهدی عامل, و بیرمەندی میسری فەرەج فۆدە و هەوڵی کوشتنی نەجیب مەحفوز و ڕفاندنی ڕۆژنامەنووسی میسری ڕەزا هیلال و چەندین ڕوداوی تری لەم چەشن باشترین بەڵگە بن بۆ ڕاست و دروستی ئەم بۆچوونەمان. زۆربەی ئەو دەنگانەی کە دژایەتی ئەو شێخانە دەکەن و هێرش دەکەنە سەر فتواکانیان, ئەو دەنگە عەرەبییانەن کە بەدوور لە زوڵم و زۆری ئەو شێخانەی کە ئەمان دژایەتیان دەکەن, لە خۆرئاوا دەژین.
-5-
ئەی کەوابێت چارچیە؟

چارەسەر.. تەنها یەك شتە:

ئەویش ئەوەیە کۆمەڵێك لە بیرمەندانی عەرەب, لەوانەی ڕۆحی خۆیان لەسەر لەپی دەستی خۆیان داناوە, کۆببنەوە و ڕاگەیاندنێکی جیهانیی و مرۆییانەی پێشکەوتوو بە زمان و بیر و ئەقڵی سەدەی بیست و یەك بنووسن و پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکانی بکەن. جا پاشان داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکەن وتووێژی لەسەر بکات و دواجاریش بڕیارێك دەربکات کە تیایدا نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپشك بکات لەدانانی دادگایەك بە ناوی (دادگای ئیرهاب)ەوە و هەموو ئەو کەسانە ڕاپێچی خۆی بکات کە بانگەشە بۆ کوشت و بڕ و تیرۆر و تۆقاندن دەکەن, و بەمەبەستی هاندان و بانگەشە بۆ ئیرهاب فتوا دەردەکەن و کاری تیرۆرو تۆقاندن ئەنجامدەدەن, ئەمە لەپاش ئەوەی کە تیرۆر و تۆقاندن بۆتە کێشەیەکی جیهانی و, هەر تەنیا تایبەت نییە بە عەرەبەکانەوە.
جا ئەوسا پیاوانی ئاینی دەڵێن _وەك چۆن دوێنی پیاوانی نەتەوەیی وتیان_ ئەمە بەجیهانیکردنی کێشە عەرەبیەکانە, و پێویستە کێشەکانی عەرەب لە ناوخۆی

نیشتمانی عەرەبی و لەلایەن خودی عەرەب خۆیانەوە چارەسەر بکرێن. (هەر لە سەردەمی بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکانەوە تا ئێستا و ئێستاشی لەسەر بێت هیچ کێشەیەکی عەرەبی لە ناوخۆی جیهانی عەرەبیدا چارەسەری نەکراوە. جا ئەوجا مەلی جامیعەی عەرەبی (عمرو موسا) دەدا لەشەقەی باڵ و وەکو هەمیشە لە نێوان پایتەختی وڵاتە عەرەبیەکاندا دەکەوێتە هاتوچۆ گەڕان و قەوانە سواوەکەی (شەرعیەتی عەرەبی) دوبارە دەکاتەوە و سەرلەنوێ و بۆ جاری سەدەمین حەیرانی (سەوابتە عەرەبیەکان) دەجوێتەوە, جا ئەوکات دنیای عەرەب هەڵدەستی و دانانیشێتەوە.

با هەڵسێت. جا کەی دنیای عەرەب هەڵساوە و دانیشتۆتەوە؟